# پۆلینی تاوانباران یاخود پولاندنی تاوانباران له بیردۆزی لۆمبرۆزدا

پارێزەر/ کارزان رەشید دزەیی

له سەرەتادا لۆمبرۆزۆ تاونبارانی کرده سێ بەش:

١.شێتەتاوانبار ( المجرم المجنون)

٢.سۆزەتاوانبار (المجرم بالعاطفة)

٣.زاینەتاوانبار (المجرم بالمیلاد)

بەڵام دواتر دوو جۆری تریشی خسته سەر که ئەوانیش

٤.رێکەوتە تاوانبار (المجرم بالصدفة)

٥.راهاتووە تاوانبار (المجرم بالعادة)

**١. زایینه تاوانبار:**

ئەو کەسەیه که هەر لەو دەمەی لە دایک دەبێت تۆوی تاوانی تێدا رواوە،واتە هەر به زگماک تاوانبارە، که لەدیدی لۆمبرۆزۆوە ئەو جۆرەیان، ترسناکترین جۆری تاوانبارانە، که چارەسەری گونجاو ئەوەیه که لە کۆمەڵگا دوور بخرێتەوە و ببرێتە شوێنێک که نەتوانرێت کاری تاوانی تێدا ئەنجام بدات و لە خەڵکانێکیش نزیک نەبێت که بتوانێت کاریگەری خراپی خۆیانی بخاتە سەر.هەرچەند لۆمبۆزۆ پێی وایه ئەوەیان چارەسەرێکی بنەرەتی نییە و باشتر وایه لەناو ببرێن و لەکۆڵ بکرێنەوە.



لۆمبۆزە بۆچوونی وایە کە هەندێک خەسڵەتی جەستەیی لەو تاوانبارانەدا هەیە که له خەڵکی ئاسایی ناچن وەکو:

ا/ نارێکی کەللەی سەر و بچووکی قەبارەکەی.

ب/ نارێکی قەبارەی گوێیەکان.

ج/پێکنەچوونی هەردوو نیوەی رووخسار.

د/گەورەیی لچ و لێو و دەرپەڕینیان

هـ/درێژی دەستەکان

و/ چڕی و وشکی قژ و موەکانی جەستەی .

ئەمه جگه لەوەی هەندێک خەسڵەتی دەروونیشیان هەیە، که له مرۆڤی ئاسایی بەدی ناکرێن وەکو:

ا/توندوتیژی و رەق و وشکی و مچومۆڕی و حەزکردن لە ئاشووبگێڕان.

ب/هەست نەکردن به ئێش و ئازار و ژان و حەزکردن لە کوتینی جەستە.

ج/ گوێ پێنەدان و بێشەرمی و نەبزواندنی ویژدان.

ئەم سیفەتانەش بەپێی جۆری تاوانەکانیان دابەشکرد، بۆ

نموونــــه: دەڵێـــت ئەو کەســـەی مەیلی دزیکردنـــی هەیە چاوەکانی بچووکـــن و جێگیر نین، برۆیەکانی چــڕە و لووتی گەورەیە، تاوانباری مرۆڤکوژیش رووخســـاری ســـارد و ســـڕە، شـــەویلگەکانی درێژن و روومەتەکانـــی دەرپەڕیون، هەرچ ئەوانەشی ئارەززوی تاوانی سیکسی دەکـــەن، گوێیەکانیـــان درێژن و چاوەکانی لێک نزیکن و چەناگەی درێژە.

لۆمبـــرۆزۆ لـــە ســـەرەتای توێژینەوەکانیـــدا گوتـــی: ئـــەم ســـیفەتانە لـــە (٦٥٪ تـــا ٧٥٪) ی تاوانبارانـــدا هـــەن. بەڵام دوای لێکۆڵینـــەوەی زیاتر ئەم رێژەیەی بۆ (٣٠٪ تا ٣٥٪) دابەزاند.

**٢. شێتە تاوانبار:**

ئەو کەســـەیە کە بەهۆی حاڵەتی شـــێتبوونەوە مەترســـی لێ پەیدا دەبێـــت، واتە بەهۆی شـــێتبوون عەقڵـــی لەدەســـتدەدات و دەبێتە مایەی مەترســـی بـــۆ دەوروبەر. بۆیـــە لۆمبرۆزۆ پێشـــنیار دەکات کە ئـــەو جـــۆرە تاوانبارانەش لە کۆمەڵـــگا دوور بخرێنـــەوە و لـــە نەخۆشـــخانەی تایبەت دابنرێن بۆ چارەســـەر کردنیان، بەڵام ئەگەر هەر چـــاک نەبوونەوە، چاکتر وایە لەنـــاو ببرێن و کۆمەڵـــگا لە بەڵاو دەردەسەرییەکانی رزگاریان ببێت.

ئەو جۆرەشی کردە سێ گرووپ:

ا/ تاوانباری شـــێت: ئەو کەسەیە کە کەم عەقڵە.

ب/تاوانباری خودار: ئەو کەسەیە کە خووی بماوەیی هەیە.

ج/تاوانبـــاری ســـایکۆباتی: ئـــەو کەســـەیە کـــە بـــاری دەروونیی تێکدەچێـــت و ناتوانێت کۆنترۆڵی حەز و ئارەزووەکانی بکات.

**٣. سۆزە تاوانبار:**

ئەمەیان کەسێکی هەست ناسکە، خێـــرا دەکەوێتـــە ژێـــر کۆنترۆڵی هەڵچـــوون و ســـۆزی جۆراوجۆر، ئەوەیە کە تاوانێک دەکات پێشتر پلانی بۆ دانەناوە و نەخشـــەی بۆ نەکێشاوە، بۆیە یەکسەر پەشیمان دەبێتەوە و تووشـــی ســـەرکۆنەی ویژدان دەبێت، زۆربەی تاوانەکانی ئەمجۆرە تاوانبارانـــە، بریتییە لە تاوانەکانی دەســـتدرێژیکردنە سەر مرۆڤ و تاوانە سیاسییەکان،بەڵام لەبـــەر ئـــەوەی ئـــەو تاوانبـــارە بەخێرایی پەشیمان دەبێتەوە بۆیە لۆمبرۆزۆ پێی وایە ســـزادانی هیچ سوودێکی نییە و دوور نییە بیکاتە تاوانبارێکـــی راهاتـــوو، بۆیە پێی باشـــە لە ســـنووری تاوانکردنەکە دوور بخرێتـــەوە و قەرەبووی ئەو زیانانەشـــی لێ بســـەنرێتەوە کە بەخەڵکی گەیاندووە.

**٤.راهاتووە تاوانبار:**

ئەمەیان لەوکاتـــەوە تاوانبار نییە کە لەدایک دەبێت،واتە نیشانەکانی جـــۆری یەکەمی تێدا نییە،بەڵام لە ژینگەیەک دەژی کە فێری تاوانکردن دەبێت و بەهۆی کاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە لە تاوانکردن رادێت، زۆربەی تاوانەکانی ئەو دەستەیەش بریتییە لە تاوانەکانی سەرو ماڵ و موڵک، نەخاسمە تاوانی دزی.

چارەســـەری ئەمجـــۆرەش ئەوەیە کـــە چاودێرییەکی توندی لەســـەر دابنرێت و لەهەمـــان کاتدا بخرێتە ژێـــر بەرنامەیەکـــی پەروەردەیی رێنیشاندەرو دامەزراندنی لەسەر کار و پیشەی گونجاو، کە لەگەڵ توانا هزری و جەستەییەکانی بگونجێت، ئەمەیان بۆ ماوەیەکـــی دیاریکراو تا چاک دەبێتەوە و مەترســـی بۆ سەر کۆمەڵگا نامێنێت،بەڵام ئەگەر هیوای چاک بوونـــەوەی لێ بەدی نەکرا، پێویســـتە لەنێو کۆمەڵگادا نەهێڵرێت.

**٥.رێکەوتە تاوانبار:**

ئەو کەسەیە کە لە بنچینەدا مەیلی تاوانکردنی نییە، بەڵام ئەوەندەیە زوو زوو دەچێتـــە ژێر باری گۆڕانە دەرەکییەکان و دەرک بە ئەنجامی کار و رەفتارەکانی ناکات. لەوانەیە لەپێنـــاوی خـــۆ دەرخســـتن یـــا چاولێکردنەوە تاوانەکە بکات.

چارەســـەری گونجاویـــش بۆ ئەو جۆرە کەســـە لە دیـــدی لۆمبرۆزۆ ئەوەیە کە ســـزا نەدرێت و بەڵکو لـــە دەوروبەرەکـــە دووربخرێتەوە و ببرێتـــە کۆمەڵگای کشـــتوکاڵی یان پیشەســـازی بۆ ئەوەی چاک بێتەوە، ئەمـــە لەگەڵ پێب<اردنی ئـــەو زیانانانـــەی کە بـــە خەڵکی گەیاندووە.